# دوێنی سوید ئەمڕۆ فنلاند،
# تیرۆری ژنان لەژێر هەر پەردەیەکدا بێت بە توندی مەحکومە!

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی 19 / 3 / 2005 ژنە پەنابەرێکی عیراقی بەناوی ( شە یما )وە تیرۆرکرا. شە یما کە تەمەنی 45 ساڵبوو، نزیك بە دوو ساڵە هاتووەتە فنلاندو دوو منداڵی لە پاش خۆی جێهێشت. شە یما ڕۆژی هەینی منداڵەکانی ئاگادار دەکاتەوە کە بۆ بەسەربردنی پشوی هەفتە دەچیتە ماڵی دۆستەکەی خۆی کە ئەویش پیاوێکی عیراقی یە. بەلام دواتر ڕۆژی یەك شەممە پۆلیس منداڵەکانی ئاگادار دەکاتەوە کە دایکیان لە ماڵی دۆستەکەی کوژراوەو ئێستە دۆستەکەی لە بەندیخانە لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکرێت.
شایەنی باسە تا ئێستە پۆلیس هیچ زانیاری یەکی تایبەتی لەبارەی ئەم ڕووداوەوە بلاونەکردوەتەوە. بەلام بەدەر لە کۆمەلێك هێما کە ئەگەری تیرۆرکردنی شە یما بەهۆی ناموسپەرستی یەوە نیشان دەدا. هەروەها ئەزموونەکانی تا ئیستەی تیرۆری ژنانی پەنابەر لە ولاتانی ئەوروپاداو کوشتاری ڕۆژانەیان لە ولاتانی خۆرهەلاتی ناوەرستدا و بەتایبەت لەولاتیکی وەك عیراقدا ئەو ئەگەر پڕ ڕەنگتردەکاتەوە کە شە یما بەهۆی نامۆس وپەرستی وداب ونەریتی کۆنە پەرستانەوە تیرۆرکرابیت. وەك دەزانین لەم چەند سالانەی دوایدا عیراق بە کوردستانیشەوە مەیدانی تیرۆری هەزاران کچ وژن بووە بە پشتیوانەی یاساکانی بەعس و شەریعەت و داب و نەریتی ئیسلامەوە .
تیرۆرکردنی ( شە یما )ش زیاتر لە هەرشتێك گۆمانی ئەوە دەکرێت کەئەویش قوربانیەکی تری ناموسپەرستی وپیاوسالاری بێت. ئەگەرچی ئەمە یەکەم جارە کە ڕووداوێکی لەوچەشنە لە فنلاندا ڕوویدات، بەلام لەم چەند سالانەی ڕابردودا کوشتن و تیرۆرکردنی ژنانی پەنابەر بووتە دیاریدەیەکی بەرچاو لەولاتانی ئەوروپادا. جێگەی خۆیەتی لێرەدا ئەوەش بلێین کە ئێمە چەندین جار زەنگی مەترسی ڕوداویکی لەم چەشنەمان لیداوەو نیگەرانی وهەڕەشەو گۆڕەشەی ئەندامانی خیزان وکەسانی دەوروبەرمان لەسەر ژنان و کچانی پەنابەر بەرجەستەکردوەتەوەو ڕامان گەیاندووە، بەلام بەداخەوە هیچ کەس و لایەنێك نیگەرانیەکانی ئیمەیان بەهەند وەرنەگرت. تا سەرئە نجام ( شە یما ) وەك پەنابەرێك بووە یەکەمین قوربانی ئەو داب و نەریتە کۆنە پەرستانە لە فنلاندا. ئێستە کەکار لەکات ترازاوە تەنها کارێك کە دەبێت پێکەوە ئە نجامی بدەین ئەوەیە کە کۆمەڵگای فنلاند و هەموو ئازادیخوازان و بەرابەرخوازان دژ بە تیرۆری ژنان و هەر کردەوەیەکی کۆنە پەرستانەو دژی ئینسانی لەو چەشنە هەلبخرێنین و بە توندی نارەزایەتی و بیزاری خۆمان دژ بەو کردوەیە دەرین و کارێك بکەین کە هەروا ئاسان ژنان و کچان نەکرینە قوربانی ناموس پەرستی و پیاوسالاری وکونە پەرستی و دەبیت بە یەك دەنگ خوازیاری هەلپیچانی دەوری هەر فەرهەنگ و داب ونەریت و ئاینێك بین کە ڕێگە بۆ کوشتاری ژنان خۆش دەکات.
دووێنی ( هێشو لە بەریتانیا و فاتیمە، پیلا لە سوید... وئەمڕۆش( شە یما ) لەفنلاند بووە قوربانی داب و نەریتی پیاوسالاری و کۆنە پەرستانە. ڕۆشنە کەئەم کارەساتە بۆ هەموو ئینسانێکی خاوەن زەمیرو شەرافە تمەند بە توندی جێگەی بیزاریە، بەلام ئەگەر دەمانەوێت تیرۆری ژنان نەبیتە دیاریدەیەکی زۆر مەترسیدارتر لەئایندەدا، ئەگەر دەمانەوێت ژنانی خارجی نەبنە کۆیلەو لە چوار دیواری ماڵەکانیان ناچار نەبن بەخۆکوشتن وترس ودڵەراوکەو نیگەرانی باڵنەکێشێت بەسەر ژیانییاندا،ئەوا دەبێت لەبەرامبەر بە کوشتاری (شە یما )دا بە توندترین شێوە نارەزایەتی خۆمان دەربرین دژ بە تیرۆری ژنان بەهەر بەهانەویەوە بیت. بۆیە ئیمە بانگەوازی هەموو لایەکتان دەکەین بۆ مەحکوم کردنی تیرۆری ( شە یما )و هەر کردوەیەکی لەوچەشنەو دەربرینی نارەزایەتیمان لە پێناوی دابینکردنی زۆرترین ئەمەنیەت و ئاسایش بۆ ژنانی خارجی و دەستەبەرکردنی ئازادی و ئاسایش بۆیان. بۆیە داواتان لێدەکەین کەداخوازی یەکانی ئێمە بە هەند وەربگرن و بەم کەمپینەوە پەیوەست بن !


**فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی**
**ژمارەی تەلفون** 0440464905
fediraq@welho.com

**ریکخراوی ئازادی ژنانی عیراق لە فنلاند**
**ژمارەی تەلفون** 0405453089
ala_faraj@yahoo.com


2005 / 3 / 24